# ڕاگەیاندنی یەکێتی کۆمۆنیستەکان سەبارەت بە ئیعدام کردنی سەرۆکی ڕژێمی فاشیستی بەعس " صەدام" !

لە 30-12-2006 حکومەتی عێراق دوای ئیدانەکردنی صەدام بەوەی کە تاوانباری سەرەکیە لەکوشتنی خەڵکی سیڤیلٚ لەشارۆچکەی دوجێل ، بەبڕیاری دادەوەر رووف حەمە ڕەشید حوکمی ئیعدامی بەسەردا درا لە گەڵ دوو هاوەڵی تری کە ئەوانیش بەرزان تکریتی و عەواد بەندەر.

بێگومان نەك بەتەنیا خەڵکی عێراق ، بەڵکو دنیا بەگشتی جێگەیەکی باشتر دەبێت بەبێ کەسانی وەك صەدام حوسێن و هاوشێوەکانی. بەلاّم سزای ئیعدام وەك سزایەکی بەربەری و دژە ئینسانی ، ئێستا لەزۆربەی وولاّتانی دنیا بەدیاردەیەکی زۆر دژە ئینسانی و بەربەری لەقەڵەم دەدرێت ، بۆیە بەئیعدامکردنی صەدام و پیشاندانی شێوەی جێبەجێکردنەکەی پێش ئەوە سزادانی تاوانبارێکی وەك صەدام بێت ، پەیامی بەردەوام بوونی میتۆدێکی بەربەرییە لەعێراقدا بۆ کوشتنی هەر کەسێك کە ملکەچی بڕیارەکانی دەستەلاّت نەبێت. ئەو سیناریۆیە لەلایەك تۆی تۆڵەسەندنەوەی کردەوە بەر گیانی تاکی عێراقیدا ، وەلەلایەکی تریشەوە ئەو مۆتەکە ڕەشەی مەرگی بۆ جارێکی تر لەعێراقدا زیندوو کردەوە کە پێی دەوترێت "ئیعدام".

لەبەر زۆری تاوەنەکانی صەدام ڕەنگە هەڵوێستگرتن لەبەرامبەر ڕووداوێکی وادا کارێکی ئاسان نەبێت و زۆر خەڵك هەولٚ بدەن بەچاوێکی ترەوە ئەم قسانە بخوێننەوە . بەلاّم ئێمە لێرەدا ڕایدەگەیەنین کە بێگومان نەمانی صەدام و مۆتەکەی بەعس وەك ئایدۆلۆجیایەکی پر لە ڕق و شۆڤێنیستی مایەی خۆشحالّی هەموو کەسێکی ئینسان دۆست و ئازادی خوازە . هاوکاتیش ئەوە دەڵێین ئەوەی لە بەغداد و شارەکانی تری عێراقدا دەگوزەرێت جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ئەو دەردەسەریانەی کە صەدام بەسەر نەیارانی خۆیدا دەیهێنا ، وەئایندەی عێراق بەهۆی سیاسەتەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە پیٚ ناچێت ئەو خێر و خۆشییە بخاتە نێۆ خەڵکی عێراقەوە کە بڕیار بوو دوای ڕووخانی بەعس فەراهەمی بکات ، چونکە وە لای هەمووان ئاشکرایە کە خەڵکی دەرگیری شەڕێکی خوێناوی بووە و ڕۆژانە لیٚ دەکوژرێت و خەریکی شەڕی تائیفی و مەزهەبییە ، تاکو ئێستا لەکەمترین پێداویستییەکان بەهرەمەند نییە .

بەئیعدامکردنی صەدام زۆر مەسەلە بەهەڵواسراوی مانەوە و تارمایەکی زۆریش خرایە سەر ئەو کێشە سیاسیانەی کە دەکرا لەڕێگەی بەکارهێنانی صەدام و دادگایکردنیەوە ووەلاّمی ڕۆشنیان پێبدرابایەوە. مەسەلەی ئەنفالکردنی کورد و سەرکوتکردنی خەڵکی ڕاپەڕیووی شارەکانی کوردستان و باشووری عێراق و چەندین مەسەلەی تر ئەو کێشە سیاسیە بیٚ وەلاّمانەن کە دەتسەلاّت دوای دەستەلاّت لەعێراقدا دەگوێزریتەوە ، بەلاّم بەشێوازی جۆراو جۆر. بەهەرحالٚ ئەکرا لەڕێگەی دادگای کردنی صەدامەوە لەسەر ئەو هەموو مەسەلانە دەستکەوتی سیاسی بۆ خەڵکی عێراق بەگشتی و بەتایبەتی بۆ خەڵکی کوردستان بەدەست بهاتبایە ، بەلاّم دیارە کێشەکان بۆ جارێکی تریش بەخاتری پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان ، گروپە سیاسییەکانی عێراق ئەمجارەش دەسپێردرێنە ئایندەیەکی نادیار.

لەبری ئەوەی تاوانەکانی صەدام ببنە عیبرەت بۆ ئایندەی هەر کەسێك کە بەنیازبێت جیٚ پێی ئەو هەڵبگرێتەوە ، ئیعدامکردنی صەدام بەو چشێوەیەی کە لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەکانەوە پەخشکرا و ، چوارچێوەی تۆڵەسەندنەوەیەکی سیاسی بەخۆوە گرت . پیشاندانی ئەو بەو شێوەیەی کە بەپێی خۆی دەچێتە بەردەم بەتی سێدارەکەی و لەبری ئەو دەمامك بکرێت جەلادەکانی دەمامك کرابوون ، صەدام کرا بە " پاڵەوانێك " کە لەزۆربەی وولاّتانی عەرەبی ڕەسمەکەی هەڵواسن و وەك کەسێکی ئازا باسی بکەن ، بەڕەسمی پرسەی بۆ بگرن.

لەکۆتایدا بە نەمانی صەدام بێگومان بەشەریەت رزگاری بوو لە کەسێکی دڕندەو خوێن ڕێژ ، بەلاّم ئێمە خوازیاری ئەوەین ئەمە دوا نمونەی بێت . لێرەدا ئیمە ئەوەش ڕادەگەیەنێن ئەنجامدانی ئەو بڕیارە بە بەرچاوی خەڵکەوە و بەخشکردنی لەسەر شاشەکانی تەلەڤزیۆنەوە کارێکی نامرۆڤانەیە و جیاوازی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ئەو ڕفتارە دژە ئینسانیانەی کە صەدام دژی خەڵکی عێراق بەگشتی ئەنجامی دەدا. وەئەگەر تاکو دوێنیٚ دەستەلاّتدارانی عێراق بەهانەیان بۆ ئەوە ئەهێنیایەوە کە صەدام دەبێت ئیعدام بکرێت بۆیە بڕیاری ئیعدامیان بەڕەسمی ناسی لەعێراقدا ، ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە ئەو بڕیارە لەیاسای عێراقدا بسردرێتەوە ، چونکە عێراق لەوەتەی بووە بە وولاّت لیٚ دەکوژرێت پێویستی بەوە نی یاسایەکیشی هەبێت بۆ ئینسان کوشتن کە پێی دەوترێت ئیعدام.

کۆمیتەی دەرەوەی یەکێتی کۆمۆنیستەکان لە عێراق

کۆتای دیسەمبەری 2006